# رەنگەکان

زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کەوا چۆن کڕیارەکان مانای رەنگەکان لە ریکلامدا، گوزارشت دەکەن و لێك دەدەنەوە. کەلتوری جیاواز، بەرێگای جیاواز، لێکدانەوەی بۆ رەنگەکان دەبێت. رەنگی زەرد، لە فەرەنسا بەمانای بەخیلی دێت , لە یۆنان بەمانای خەمباری و دڵتەنگی و لەئەمەریکا بەمانای ئاسودەیی و خۆشی و شادی و لە صین بە مانای پیرۆز دێت.

هەڵبژاردنی رەنگ لە ریکلامدا :- لە رێگەی وێنەکان، کەلووپەلەکان، باکگراوندەکان، نووسینەکان، رووناکیەکان...هتد رەنگ لە هەموو ئەمانە جگە لەوەی راستی و دروستی و بەهێزی کەلووپەلەکان پیشان دەدات، لەهەمان کاتدا لە رێگەی بەکارهێنانی رەنگی جیاواز بەگوێرەی شوێن و کاتی جیاواز وەرگر دەبەسترێتەوە یان خەریك و کێش دەکرێن، چونکە بێگومان هێزی کاریگەری رەنگەکان، لە رەنگێك بۆ رەنگێگ و لە جۆرێك ( type )ی رەنگ بۆ جۆرێکی تری رەنگ دەگۆڕێت.

خوێندنەوەی سایکۆلۆژیەتی رەنگەکان بەتەواوی لەریکلامدا، هەنگاوێکی گرنگە لە برەودان بە فرۆشتەنی و زیادکردنی بەکاربەرو فراوانکردنی پانتایی کڕیارەکاندا.

رەنگ هێزی گرنگی سەرنج راکێشان زیاد دەکات، هەروەها یارمەتی جولەی چاو دەدات لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر. هەر وەرزێك خاوەن رەنگی خۆیەتی. وە مۆدیلەکان لە چەند دەقەیەکدا گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەگەر تۆ بڕیار بدەیت کەوا ریکلامەکەت لەگەڵ رۆژگاردا بگونجێنیت، ئەوا دەبێت مۆدیلەکان فەرامۆش نەکەیت.

دەبێ ئەو راستیە بزانین رەچاوکردنی هەموو ئەمانە لە ریکلامدا گرنگن. کاتێك رەنگەکان بەشێوەیەکی راست بەکاردەهێندرێت، ئەوا پەیامی ریکلامەکە کاریگەری و روونی زیاتر دەبێت. بەڵام کاتێك بەکارهێنانی رەنگەکان بەناراستی بەکاردێت، ئەوا پەیامی ریکلامەکە دەکەوێتە مەترسیەوە، هەروەها وەرگری ئاما نجدار تووشی سەرلێشێواندن و کۆنفیوز دەبێت.

هەروها لای خەڵك هەر رەنگەو مانای خۆی هەیە، بۆیە پێویستە دڵنیایی دروست بێت کەوا بە رەنگی راست بابەتەکان ئاراستەی کڕیار کراوە و رەنگەکان راستی دەڵێن.

وە نابێت رێگە بدرێت، کەوا رەنگی هەژار لەریکلامدا بەکار بێت، کە ببێتە رووخان و ئیفلاس کردنی بازاری کۆمپانیایەك، بە تایبەتی کاتێك رەنگەکان لە کات و شوێنی خۆیان بەکارنایەن. دەبێت دڵنیا بین، کەوا پەیامی هەلە نەنێرین لە رێگەی بەکارهێنانی رەنگی هەلە.

## رەنگەکان و بەکارهێنانیان

رەنگی سوور، لەریکلامدا بۆ خۆشی و جۆش و خرۆش بەکاردێت. بە شێوەیەکی باو بۆ ریکلامی خواردن و ئوتومبێل بەکاردێت. سوور، خۆشەویستی و سێکس، مەترسی، خێرایی-تیژرەوی (دەنگ، رووناکی یان با) یان هێز دەگەینێت. یەکەمین رەنگە کە چاو بەشداری تێدا دەکات.

لەداراییدا، رەنگی سوور بە مانای لە دەست چوون دێت. لە ئەندازیاریدا رەنگی سوور بەمانای گەرمی و مەترسی دێت. لە پزیشکیدا رەنگی سوور بە مانای مەترسی یان ئێمەرجنسی دێت.

رەنگی زەرد، لە ریکلامدا سەرنج راکێشانێکی گەورەی پەلاماردەرانەیە. تیشکی رۆژ، گەرمی (هەستی گەرم)، خۆشی و ئاسودەیی.

رەنگی شین، پشت پێ بەستن، متمانە، ئاسایش، تەکنەلۆجیا دەگەینێت. هەر لەبەرئەوەیە زۆرێك لە بازرگان و کۆمپانیاکان رەنگی شین، سەوز، شینی سەوز باو، خۆلەمێشی لە ریکلامەکانیاندا بەکاردێنن. هەروەها رەنگی شین: هێمن و لەسەرخۆیی یان شتومەکی تایبەتی کەسێك دەگەینێت.

رەنگی رەش، نا ئاسایی و بەتوانایی دەنوێنێت. جوان و دڵرفێنە. هەروەها بۆ راستی بەرهەمەکانە. رەنگی رەش، یەکێکە لەرەنگە گرنگەکان لەریکلامدا.

**رەنگی سەوز**، رەنگێکی فێنك کەرەوەیە، رەنگێکی سازگارە، رەنگی سروشت و بەهارە.

**رەنگی ئەرخەوانی** ، رەنگێکی شایانەو مەزنە، بە شکۆو بەرەوشتی و ووردی و جوانی و ناسکی دەگەینێت.

**رەنگی پەمەیی**، رەنگێکی نەرم و مێینەیی یە. رەنگێکە بۆ ناسکی و رووخۆشی و لەسەرخۆیی و شیرینی بۆ بابەتێك بەکاردێت.

رەنگی سپی، لەریکلامدا بۆ پاك و خاوێنی و پوختەییە. گەنجانەیە، بەلاّم بەو مانایە نی یە کەوا بۆ خەڵکی گەنجە. خەڵکی گەنج زیاتر ئارەزوویان رەنگی شینی سەوز باو و مۆر یان بنەوشەییە.

رەنگی سپی یان بۆشایی سپی ( White Space ) لە ریکلامدا تەرکیزی دەکرێتە سەر. بەبێ بۆشایی سپی، تێکستەکان ناتواندرێت بخوێندرێنەوە، هەوەها وێنەکان کاریگەرییان لەدەست دەدەن و ریکلامەکان بالانسیان تێکدەچێت. بۆشایی سپی، یەکێکە لە باشترین و گرنگترین توخم لە ریکلامدا.


**رەنگی زەردی وەك زێر یان زەردی ئاڵتونی** ، ئاماژەیە بۆ گرانبەهایی و چینە بەرزەکانی کۆمەڵ.

**رەنگی پرتەقالی**، رەنگێکی بزێو و رووخۆشە. ئاماژەیە بۆ رەنگی گەلاّی داری پایز، هەستی بەتین، جم و جۆڵ و چالاّکی.

**رەنگی زیوی یان سیلڤەر**، رەنگێکی پایەدارو بەشکۆیە. مانای ساردی و زانستی دەگەینێت.

**بەشێوەیەکی گشتی رێکخستنی رەنگەکان بۆ سێ پۆڵ دابەش دەبێت**

**رەنگە گەرمەکان:-**




**پلە جیاوازەکانی رەنگەکانی سوور و زەرد (لە زۆرترین روناکی یەوە بۆ زۆرترین تاریکی یاخود بە پێچەوانەوە) دەگەینێت. چێشتخانەکان زۆرجار رەنگە گەرمەکان بەکاردێنن و هەڵیان دەبژێرن، تاوەکو ئارەزووکردن بۆ خواردن زیاد بکەن. سووری رۆشن و زەردی پرتەقالی و زەرد، لە رەنگە گەرمەکانن و ئاماژەن بۆ رەنگی ئاگر یان رەنگە ئاگرینەکان، کەوا ئارەزوو هاندان و بزواندنی جۆش و خرۆش لای وەرگر یان چاوی بینەر دروست دەکەن.**

**لە راستیدا لۆگۆکان و ریکلامەکان، لیستی خواردەمەنیەکان (Menus) بە تایبەتی خواردەمەنیە خێراو سەرپێیەکان (Fast Food)، رەنگە گەرمەکان بەکاردێنن کە لەباشترین رەنگەکانن بۆ ریکلامی خواردن کەوا حەزکردن بۆ خواردن زیاد دەکەن و لەوێوە داهات و فرۆشتن زیاد دەکات،بۆیە زۆربەی ریستۆرانتەکان رەنگی سوورو زەرد لە پێشەوەی رەنگەکانی تر بەکاردەهێنن و زیاتر تەرکیز دەکەنە سەر ئەو رەنگانە.**

**رەنگە گەرمەکان هانی خەڵك دەدەن بۆ مانەوەی زیاد لە پێویست. رەنگی بەرگەندی (Burgundy شەرابێکی سوورە لەسەرەتاوە لە ناوچەی برگەندی کە دەکەوێتە رۆژهەلاتی فەرەنسا، دروست دەکرا )و رەنگی پرتەقاڵی رۆشن یان رووناك یان ئاگرین،**

یان ڕەنگی تری هاوشێوە...ئەو ڕەنگانە هاندان و بزواندن بۆ گەرمی و ئاسوودەیی دەدەن. وە کاتێك خەڵك لەکاتی نان خواردنی ئێوارە لەچێشتخانەکان پشوو دەدات، ئەوا لە ڕێگەی ئەو ڕەنگانەوە زیاتر خۆشی وەردەگرن و دەمێننەوە...ئەو مانەوەو خۆشی وەرگرتنە بە شێنەیی دەبێتە هۆی خواردنی شیرینی ( Dessert ) یان چاو قاوە خواردن دوای نان خواردنەکە، کەوا ئەمە وا لە کڕیارەکان دەکات زیاتر پارە سەرف بکەن. بۆیە کاتێك لیستی خواردنەکان دیزاین دەکرێت، زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە ڕەنگە گەرمەکان زۆر لە پێشەوەن بەبەراورد لەگەڵ ڕەنگە ساردەکان. لە هەمان کاتدا ڕەنگە ساردەکان کەم بکرێنەوە یاخود کەمتر گرنگیان پێ بدرێت لەو جۆرە دیزاینانە، یاخود زاڵ نەکرێن بەسەر ڕەنگە گەرمەکاندا.










1- ڕەنگە ساردەکان:-




جۆراوجۆری پلە جیاوازەکانی ڕەنگی شین و سەوز دەگرێتەوە ( لە زۆرترین روناکی یەوە بۆ زۆرترین تاریکی یاخود بە پێچەوانەوە). زۆرینەی کۆمپانیاکان بەمەبەستی زانیاری و تێگەیشتنی زیاتر بۆ بابەتەکان ڕەنگە ساردەکان بەزۆری بەکاردێنن. جگە لە ئامانجی زانیاری و تێگەیشتن، پلە جیاوازەکانی ڕەنگی شین، هەندێکیان ئاماژە دەبن بۆ ژیان وەکو ئاو. لە مانە زیاتر ڕەنگی شین و تۆنەکانی، بەهێواشی کاردەکەنە سەر ترپەکانی دڵ و دەبنە هەوێنی کەمکردنەوەی ئارەزووکردن بۆ خواردن، هەر لەبەرئەوەیە لە چێشتخانەکان ڕەنگی شین بەکارنایەت.

لە لایەکی تر پلە جیاوازەکانی ڕووناکی شین، باشترین ڕەنگن بۆ ریکلامی دەرمان و بەرهەمەکانی تەندروستی. ڕووناکی شین دەتوانێ بەلەسەرخۆیی کاریگەری دروستکردنی

کەشێکی هێمن لەسەر خەڵك بنوێنێت، بۆیە لە زۆربەی کاتەکاندا لە بواری تەندروستی و چاك بوونەوەی نەخۆش بەکاردێت.

تۆنە تاریکەکانی رەنگی شین، ئاماژەیە بۆ راستگۆیی و پشت پێ بەستران، بۆیە تەنانەت لەریکلامی بازرگانی و لۆگۆی کۆمپانیا بازرگانیەکاندا بەکاردێت. زۆربەی دام و دەزگا داراییەکان، تۆنە تاریکەکانی رەنگی شین بەکاردێنن بە تایبەتی لە لۆگۆکانیان، ئەویش بەمەبەستی بێگەردی و سەر راستی مامەلەکردنیان.

رەنگی شین، بەدیاری کراوی شینی تاریك (تۆخ)، رەنگێکی گشتی و ناسراوە بۆ کەلوپەڵ و بەرگی هاوشێوە یان یەك نەواو چۆن یەك....هەروەها لە کەلووپەلی پۆستەو کۆمپانیاکانی گواستنەوە و بەرگی پیاوانی ئاسایش و پۆلیس بەکاردێت بە خەسلەتی ئەو تایبە تمەندیانەی کەوا ئەو رەنگە هەیەتی.

زۆربەی ویب سایتەکان هەندێك لە رەنگی شین لە نەخشەسازیدا بەکاردێنن، ئەگەرچی ئەمە لەمشت و مڕدایە، چونکە هەندێك لایان وایە ئەم رەنگە ناتوانێت سەرنجی خێرا دروست بکات و خوێنەر بەتەواوی بەلای خۆیدا کێش بکات.

رەنگی شینی ئاسمانی و تۆنە جیاوازەکانی رەنگی سەوز، دەتوانێ کاریگەری خۆی لە ریکلامدا بنوێنێت، بە نیشاندانی فەزای دەرەوەی ماڵ، وەکو لەو ریکلامانەی کەوا کار لەسەر کەلووپەلەکانی سەر دەریاو ناو باخچەو پارکەکان دەکەن.

رەنگە ساردەکان، ژوورەکان بەگەورەتر پیشان دەدەن....








**ئەگەر ویستمان کەرستەکان گونجاو بکەین بۆ هەموو وەرزەکان، ئەوا دەتوانین بالانس لەنێوان رەنگە سارد و گەرمەکان دروست بکەین....**





2- ڕەنگی سپی و ڕەش:- هەندێك لە کۆمپانیاکان بەمەبەستی کۆنتراستێکی ڕوون، ڕەنگی ڕەش و سپی بەکاردێنن. ڕەنگی ڕەش و سپی باشترین دوو ڕەنگن لە ڕیکلامدا، چونکە دەتوانن گەورەترین و بەهێزترین کۆنتراست دروست بکەن کاتێك بەیەکەوە بەکاردەهێندرێن. سپی، بێ کەم و کوری و پاکی دەگەیەنێت، بەڵام ڕەش مانای هێز یان یان خراپی و زیان بەخشی دەگەیەنێت. بەکارهێنانی ئەو دوو ڕەنگە بەیەکەوە هەستی پڕۆفێشنالێتی کۆمپانیاکان زیاد دەکەن.



بەگشتی باشترین ڕەنگ لە ریکلامدا ئەوەیە کەوا خەڵك ئاسودە (comfortable) بکات یاخود ڕۆڵی هاندان و بزواندنی هەستەوەرەکانی مرۆڤی هەبێت.